زەردەشت رەفیق

راهێنەری تیپی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق:

# داواکارم لە یانەکان فێرگەی تایبەت بەم یارییە دروست بکەن




شاری سلێمانی لە مێژووی وەرزشی شارەکەدا خاوەنی چەندین یاریزان و راهێنەری بەتوانا بووە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان کە بە بووکی یارییەکان ناسراوە، ئەم شارە تا ئێستاش بەردەوام لە سەرجەم وەرزەکانی ساڵ مەشقی یاریزانەکانیان بەردەوام بووە بۆ ئەوەی بتوانن هەر بە پێشەنگی بمێننەوە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان، یەکێک لەم کەسایەتییە دیارانەی شارەکەش کە جێگای دەستی دیارە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق (زەردەشت رەفیق)ـە کە ساڵی ١٩٨١ لە سلێمانی لەدایکبووەو دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیەو ماوەیەکی زۆریشە راهێنەری تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراقەو چەندین ئەنجامی بەرچاوی لەگەڵ تیپەکانی گۆڕەپان و مەیدان بەدەست هێناوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی یانە گەورەکان بایەخ بەم یارییە نادەدەن، بەڵام ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان بە رادەیەکی باش لە کوردستان گەشەی کردووە.

*** ئەی لەسەر ئاستی عێراق چۆنی دەبینی کە وەکو راهێنەر بەردەوام لە هەردوو خول بەشدارن؟**

- لەسەر ئاستی عێراق زۆر باشە، چونکە ساڵانە جگە لە پاڵەوانیەتی و راکردنی ماوەدرێژ، لە پرۆگرامی ساڵانەش لە تاقیکردنەوەی مانگانەی بەردەوام دەبێت، ئەمەش سوودی زۆرە بۆ راهێنەرو یاریزانەکان و پێشخستنی ئەم یارییە.

*** بۆچی لە شاری سلێمانی یاری گۆڕەپان و مەیدان لە پێشەوەی هەموو یارییەکانی دیکەیە؟**

-سلێمانی واتە بووکی یارییەکان و هەر لە کۆنەوە بەم یارییە بەناوبانگ بووە، لەبەر بوونی کادیری باش و خۆشەویستی بۆ یارییەکە و بوونی یاریزانانی بەتوانا لە شاری سلێمانی کە هەمیشە پێشەنگ بوون.

*** ئامانجت لە هەڵبژاردنی کاری راهێنەری چی بوو؟**

-خۆم لە منداڵییەوە حەزم لەم یارییە بووە، کاتێك بوومە راهێنەریش ئامانجم خزمەتکردنی ئەم یارییە بووە.

*** دۆزینەوەی کچە یاریزانان بۆ ئێوە ئایا کارێکی قورس نییە؟**

- بەڵێ، زۆر قورسە و ئێستا قورستریش بووە، بەهۆی ئەنجام نەدانی پاڵەوانیەتی بۆ قوتابخانەکان.

*** کێشەو گرفتتان لە یاری گۆڕەپان و مەیدان چییە ؟**

- هیچ یارییەك بێ کێشە نییە، بەڵام کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی یاریگای تایبەتە بەم یارییە لە کاتی وەرزی زستاندا بەهۆی نەبوونی هۆڵی داخراوی تایبەت بەم یارییە بەردەوام کێشەمان بۆ دروست دەبێت لە کاتی ئەنجامدانی مەشقەکان.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئەم یارییە پێش بکەوێت؟**

-داواکارم لە یانەکان فێرگەی تایبەت بەم یارییە دروست بکەن کە ببێتە بناغە بۆ پێشکەوتنی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان.

*** بۆچی لە کوردستان ئاستی ئەم یارییە لە بەرەوپاش چووندایە؟**

- دەگەڕێتەوە بۆ بوونی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی لقی شارەکانی کوردستان کە تا چەند یەکێتی گۆڕەپان و مەیدان و راهێنەر و یاریزان خەمخۆری ئەم یارییەن.

*** هیواو ئاواتت وەکو راهێنەرێك لەم یارییە چییە؟**

-هیواو ئاواتم وەکو راهێنەر بەشداریکردنی یاریزانەکانمە لە ئۆڵۆمپیاد، چونکە لە ژیانی راهێنەریمدا هەندێ لە یاریزانەکانم بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانی (ئاسیا، خۆرئاوای ئاسیا، خولی عەرەبی، قوتابخانەکان و زانکۆکان و جیهان)یان کردووە، تەنیا ئۆلۆمپیاد ماوە، ئەمەش خەون و ئاواتمە.

*** دەستەی کارگێڕی یانەکەتان تاچەند هاوکارتانن؟**

- بە هۆی یارمەتیدانی ئەوانە کە ئێمە لەم ئاستە بەرزەداین، بەتایبەتی سەرۆکی یانە و جێگرەکەی مامۆستا مەحمود بەردەوام هاوکارمانن.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-لەلایەن یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستانەوە دەستنیشان کراوین بۆ خوێندن لە زانکۆیەکی ئەڵمانی و C.V خۆمان پێشکەش کردووە، چاوەڕێی وەڵامی ئەوان دەکەم، کە تایبەت بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و لە کاتی دەرچوون بڕوانامەی دیپلۆم لەم یارییە وەردەگرین.

*** پەیامت بۆ بەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

-هیوادارم زیاتر گرنگی زیاتری بدەن و یاریگای تایبەت دروست بکەن بۆ ئەم یارییە لە کوردستان.

*** هەوڵت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

-بەڵێ، ماوەیەکی زۆرە فێرگەیەکی باشمان لە یانەی پێشمەرگە کردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانین ژمارەی یاریزانان لەم یارییە زیاتر بکەین و بۆ دوارۆژی شارەکەمان سوودی هەبێ.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێ باسی چی بکەیت؟**

-زۆرسوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستانە لە یارییە جۆراوجۆرەکان.





# مانچستەر یونایتد و چێڵسی کێبڕکێی بەدەستهێنانی گارێس بەیڵ دەکەن

هەردوو یانەی مانچستەر یونایتدو چێڵسی ئینگلیزی ئامادەن لە پێناوی گارێس بەیلی ویڵزی بڕە پارەیەکی زۆر بدەن بە یانەی ریاڵ مەدرید تاوەکوو دەستبەرداری ئەو ئەستێرەیە بێت.

گۆڤاری دۆن باڵۆنی ئیسپانی ئاشکرایکرد، هەردوو یانەی مانچستەر یونایتد و چێڵسی کێبڕکێی بەدەستهێنانی گارێس بەیڵ دەکەن تاکوو لە هاوینی داهاتوودا بیکڕن.

ئەو گۆڤارە ئاماژەی بەوەشکرد، هەردوو یانە پێیانوایە ئەگەر ئەمساڵ ریاڵ مەدرید خولی پلە یەکی ئیسپانی بەدەست بهێنێت، ئەوا گارێس بەیڵ شاهاناکە جێدەهێڵێت، چونکە هەموو نازناوەکان لەگەڵ میرینگی بەدەست دەهێنێت.

لەکۆتاییدا دۆن باڵۆن رایگەیاند، مانچستەر یونایتدو چێڵسی ئامادەن لە پێناو گارێس بەیڵ بڕی ١٧٢ ملیۆن پاوەند بە ریاڵ مەدرید بدەن، ئەگەر ئەوە رووبدات، ئەوا بەیڵ دەبێتە گرانترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا.



# سامپاوڵی هۆکاری ئاستی بەرزی ئیشبیلیە لە لالیگا ئاشکرادەکات

خۆرخی سامپاوڵی ئەرجەنتینی و راهێنەری یانەی ئیشبیلیەی ئیسپانی لەیەکەم وەرزیداو تەنیا دوای حەوت مانگ توانیویەتی شوێن دەستی لە ئیشبیلیە دیار بێت و تاکو ئێستا ٤٢ خاڵی بۆ یانەکەی کۆکردووەتەوە و لە پلەی دووەمدان.

ئۆنای ئیمری راهێنەری پێشووی ئیشبیلیە توانی ٧٦ خاڵ بۆ ئیشبیلیە کۆبکاتەوە، ئەوەش زۆرترین خاڵە کە لەماوەی ١٢٦ ساڵ تا ئێستا راهێنەرێك کۆی کردیێتەوە.

سامپاوڵی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا گوتی: هۆکاری ئەو هەموو خاڵەو ئاستە بەرزەکان هەمووی هێرشبەرە، چونکە لەم وەرزەدا هێرشبەرمان زۆر بەهێزەو دەتوانین هەموو یارییەك گۆڵ تۆمار بکەین. گوتیشی: ئەو ژمارەیەی ئیمری تۆماری کرد، قورسە بیشکێنین، بەڵام هەوڵی تەواو دەدەین تاکو زۆرترین خاڵ کۆبکەینەوە.

# مارادۆنا هیوای بە ئەرجەنتین نەماوەو پەیامێک ئاراستەی مێسی دەکات

دیێگۆ مارادۆنا ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتینی، پێیوایە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕاوەتەوەو ناتوانێت جامی جیهانی بەدەست بێنێت، ئەگەر مێسی یارییش بکات یاخود نا.

مارادۆنا رەخنەی توندی لە بەرپرسان و سەرۆکی تۆپی پێی ئەرجەنتینی گرت و بەدووری نازانێت لە داهاتوودا لە لایەن جیانی ئینفانتینۆی سەرۆکی فیفاوە بەهۆی گەندەڵییەکانیانەوە سزا بدرێن و لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان دەربکرێت.

لەلێدوانێکی بۆ کەناڵی (DirecTV Sport) مارادۆنا داوای لە مێسی کرد، بەرپرسیارێتی ئەو کارەساتانەی بەسەر ئەرجەنتیندا دێت نەگرێتە ئەستۆی خۆی، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی تانگۆشی بە دروستکردنی کێشەکان تۆمەتبار کرد.

مارادۆنا ئاماژەی بەوەش کرد کە دیاریکردنی کریستیانۆ رۆناڵدۆ وەکو باشترین یاریزانی ساڵی ٢٠١٦ شتێکی باش بووەو پێیوایە دەبوو مێسی و نێیمار ئامادەی ئاهەنگەکەی فیفا بوونایە.



# چوار یانە داوای گرێبەستیان لە سەمیر بابۆ کردووە



دوای ئەوەی سەرەتای ئەم وەرزەی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان سەمیر بابۆی گواردیۆلاکەی شاری هەولێر پێوەندی بە یانەی زێرەڤانی شاری دهۆك کرد، بەڵام دوای ئەنجامدانی شەش یاری لە خولەکە بە هۆی ئاسوودە نەبوون و بەدەست نەهێنانی ئەنجامی شایستە بۆ تیپەکە لەسەر داوای خۆی دەستی لە مەشقی یانەی زێرەڤانی کێشایەوەو خۆی و ستافەکەی بەرەو هەولێر گەڕانەوە. دوای ئەوەی چەندین یانە پێوەندیان بە ستافەکەی سەمیر بابۆ کرد، دواجار گەڕانەوە تیپی پێشمەرگەی هەولێر کە پێشووتر لەم یانەیە کاریان کردبوو، لەم بارەشەوە سەمیر بابۆ بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند: «بەر لەوەی مەشقی یانەی پێشمەرگەی هەولێر وەربگرم، چوار یانە پێوەندییان پێوە کردم بۆ ئەوەی مەشقی تیپەکانیان وەربگرم، سێ یانە لە ناو شاری هەولێر و یەك یانەش لە دەرەوەی هەولێر بوو، ئیدارەی پێشمەرگە زۆر هەوڵیاندا لەگەڵ ئێمە کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ تیپەکەیان و ئێمەش قسەی ئەوانمان نەشکاند، چونکە پێشووتریش کارمان لەگەڵیان کردبوو، بۆیە ٣ یانەکەی ترمان بۆ پێشمەرگە ڕەتکردەوە، ئێستاش لەگەڵ پێشمەرگەی هەولێر خەریکی ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکان و یارییەکانمانین، بەهیوای ئەوەین بتوانین تیپەکە ببەینە قۆناخێکی باشتر لە ئێستا و ئاواتی هەموو ڕاهێنەرێکیشە کە بتوانێ ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنێت.»



# دهۆک هەوڵی بـ

قەیرانی دارایی ئەمساڵیش ڕێگری لە یانەی وەرزشیی دهۆك کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان بەدەست بهێنێت، هەفتە لە دوای هەفتە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان زیاتر بەرەوو کۆتایی دەچێت و یانەکانیش هەوڵی کۆکردنەوەی خاڵ و مانەوە لە خولەکە و بەدەست هێنانی ئەنجامی گەورە دەدەن، یانەی دهۆکیش لە ڕیزبەندی یانەکان لە خوارەوەی تیپەکان دێت و پلەی شەشەمی گرتووە، بەڵام تیپەکە ئامانجی ئەوەیە بەرەو ڕیزبەندیی سەرەووە هەڵبکشێت، بۆیە دەستەی ڕاهێنەران پلانی تۆکمەیان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەنجامی باش، لەم بارەشەوە ئاشتی مستەفا ڕاهێنەری یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری



## ...اشتربوون دەدات

گوڵان گوتی: «ئێمە ئەمساڵ تیپێکی لاومان هەیەو دەمانەوێ ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، هەر چەندە لە قۆناخی یەکەم ئاستمان وەکو پێویست نەبووە، بۆیە نەمانتوانی لە ریزبەندیی یانەکان بچینە پێشەوە، بەڵام لەم قۆناخە گۆڕانکاریمان کردووە لە ریزی پێکهاتەی یانەکەمان و دەمانەوێ یانەی دهۆك هەستێنینەوە لەم قۆناخەو تا رادەیەك گرفتەکانی یانەکەشمان چارەسەر کردووە.» گوتیشی: «ژمارەیەك لە یاریزانی لاومان لە تیپی دووەم سەرخستووە، جگە لەوەش گرێبەستمان لەگەڵ هەر یەك لە یاریزانان نێچیرڤان شوکری یاریزانی یانەی زێرەڤانی و جونیرۆی ئەفریقی کردووە و بە هێنانی ئەم یاریزانانەو یاریزانەکانی خۆمان دەمانەوێ پێکهاتەیەکی جێگیر دروست بکەین و بتوانین لە قۆناخی داهاتوو ئاستی یانەی دهۆك بەرز بکەینەوە.»



# فاتیح حەمەخان چاوی لە چوارگۆشەی زێڕینە

ئەم وەرزە یانەی برایەتی کۆمەڵێك یاریزانی لاوی لە تیپەکە کۆکردۆتەوە بەئامانجی ئەوەی بتوانێ ئەنجامێکی شایستە لەم وەرزەی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان بەدەست بهێنێت و بتوانێ رکابەریی تیپە گەورەکانی خولەکە بکات، لە ئێستاشدا فاتیح حەمەخانی راهێنەری یانەی برایەتی چاوی لەوەیە تیپەکەی بگەیێنێتە چوارگۆشەی زێڕینی خولەکەو هەرلەم بارەشەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئەمساڵ زۆر بەرزەو کۆمەڵەکەی ئێمەش کۆمەڵەیەکی بەهێزەو هەر یانەیەك دەیەوێت ژمارەی خاڵەکانی زیادبکات بۆ ئەوەی سەرکەوێت بۆ چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە، ئێمەش متمانەی تەواومان بەخۆمان هەیە وەکو تیپی تۆپی پێی یانەی برایەتی و ئامانجی ئێمەش گەیشتنە بە چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە، چونکە خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی لاوی بەتواناین لە یانەکە، بۆیە هیچمان لە تیپەکانی دیکە کەمتر نییە و ئاستی یاریزانانی ئێمە زۆر باشە و لەم یارییانەی ماومانە دەمانەوێت شتێك بە شتێك بکەین و تیپەکەشمان ڕاستەوخۆ بگاتە چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە.» لەبارەی هێنانی هەڵگورد مەلا محەمەدیش، فاتیح گوتی: «تاکو ئێستا پێوەندی بە ئێمەوە نەکردووە بۆ ئەوەی لەم یارییانەی داهاتوو یاری بکات لەگەڵ تیپەکەمان و بتوانین هەمووومان بەیەکەوە ئاستی باشتر پێشکەش بکەین.»

